# ئەوە چرکە و کاتژمێر و ڕۆژ و ساڵ ؟!



کارمەند بەکر
Karmand83atv@yahoo.com

ئاشکرایە کە یەکگرتنەوەی  دوو ئیدارەکەی کوردستان لە ڕۆژی 2006/5/7 ڕاگەیەنرا و سەرۆك و جێگر و وەزیرانی سوێندی یاساییان خوارد، ئەگەر بە بڕوا بوون بێت بە یەك ڕیزی و یەکتر قبوڵکردن و باوەڕهێنان بە  نەمانی ناکۆکی و ململانێیەکی نا تەندروست ئەوا جێی ئومێد و دڵخۆشی هەموو هاولاٚتیەکی کورد و دڵسۆزێکی ئەم گەل و نەتەوەیەیە  ، بەلاٚم ئەگەر بریتی بێت لە ڕێکەوتنێکی سەرکردایەتی نێوان ئەم دوو پارتەی کە لە هەرشارێکدا حکومەتێکیان دروست کرد بوو ئەوا جێی گومان و ترسی ئایندەیە کە هەموو کەسێك ئەمەی دووەمی  پیٚ قبولٚ نی یەو بە نارەوا دایدەنیٚ .

ئەم یەکگرتنە و پێکهێنانی حکومەتی یەکگرتوو  کە سالاٚنێکە چاوەڕێی دەکەین ئەگەر کۆمەڵێك تێبینی و ڕەخنەشی لە سەر بێت بەلاٚم کاری زۆری لە ئەستۆیە و باری شانی گرانە لە بەر ئەوەی کە دوو ئیدارەی و دوو حکومەتی پڕ بوو لە هەڵە و نەشیاوی پێك هێنانی لە پارچەیەکی کوردستان کە بەشێکی ئێستاش ڕزگار نەکراوە و هەڕەشەی نەخستنەوە سەر سنوری هەرێم ڕووبەڕوی دەبێتەوە  .

ئەم حکومەتە پێویستە کێشەی هاولاّتیان چارەسەر بکات لە کێشەی نە بوونی مافی منالّێکی ساواوە تا دەگاتە کێلی سەر قەبرەکان ، لە دروست کردنی حەضأنە لە فەرمانگە و شوێنی کارەکان تاوەکو دیاری کردنی شوێنی تەرم لە گۆڕستان ، لە ئەزمەی نیشتە جێبونەوە بۆ ئاو و کارەبا و سوتەمەنی ، لە تاسەی جادەکانەوە بۆ پێلاّوی دڕاوی منالّێکی سەرەتای ، لە نرخی پاسەوە بۆ کرێی خزمەتگوزارێکی شارەوانی لە ................... تا وەکو ...........

ئەوەی کە پێویستیشە ئەم حکومەتە خۆی لیّ بپارێزیّ ، لە گەندەلّی و فەسادی یەوە بۆ دانانی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیا و ، لە وەصلّی بەتالّەوە تاوەکو ئیمزای بەرپرسێك و لە سکرتێرەی ئافرەتەوە بۆ دوو هەفتەی تر وەرەوە ، لە پێنەدانی مۆلّەتی خۆپیشاندان تاوەکو نەبینینی قەوانی گولەیەك لە شەقامەکان ، لە نەپرسینەوەی کاربەدەستەکان و واستە و واستەکاری ، لە تەداخول نەکردنی زانکۆ و خوێندنگەکانەوە بۆ پارکێك کە دوو عاشق تیایدا خۆشەویستیان بگۆڕنەوە .

ناکرێت ئیتر دوای پانزە سالّ حکومڕانی مەسئولێك بێتە سەر شاشە و باسی مافی مرۆڤ بکات و ئۆتۆمبێلەکەشی کە گیڤەی دێت بەر سەقامەکاندا لە شۆستەکەی منالّێکی تەمەن کەمتر لە 10 سالّ بۆیاخی پێلاّو بکات و بارەگای حزب و زانکۆش لە یەکتری جیانەکاتەوە ، بۆیە ئەرکی ئەم حکومەتە قورسە ! لەبەر ئەوەی حکومەتی دوای 35 سالّ دەسەلاّتی بەعسی فاشیە و چەند سالّێکیش شەڕی ناوخۆ و ململانێیەکی تەسکی حزبایەتی تەنها خۆ بەڕاست زانە .

خۆزگە ئەم جارە بەرپرسە بەڕێزەکانمان کە بەلّێنیان دەدا جێبەجێیان دەکرد ، کە قسەیان دەکرد دەیانزانی پسپۆری چین و کە دەدوان هێمن دەبوون ، کە دەبینران گیڤەیان نەهاتایە و کە کۆئەبونەوە دیوارەکانی چواردەوریان وێنەی

**گۆڕەبەکۆمەڵەکان و شەهیدانی لێبوایە و بە ناوی ئەنفال و کیمیابارانەوە سەرەتای قسەکانیان دەست پێبکردایە .**
**دەبێت ئەم جارە ئەگەر حکومەتی گەل و وولاتە دەبێت بیریان نەچێتەوە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بە لەتە نان و پێلاوی دڕاوەوە ، بە سەرما و گەرما و لە چیا و دۆڵ و لادێکانەوە خەبات کراوە و خوێن ڕژاوە ئینجا ئەمڕۆ بەرهەم هاتووە کە ناکرێت نە ئەو ڕۆژە سەختانە لە بیر بکرێت و نە تەیارە و ئاوی حەیاتیش ئەو مێژووەمان بیر بەرێتەوە ، چونکە حکومەت واتای خزمەتکەری هاولاتی و دابین کەری تەواوی پێداویستیەکان بۆی و نەك هاولاتی خزمەتکەری حکومەت و ................ .**
**ئەگەر بەڕاستی حکومەتی یەکگرتوو و خەڵکن ئەوە چرکە و کاتژمێر و ڕۆژ و ساڵ بۆمان بسەلمێنن .**